ئاستی ئاوی بەنداوی دەربەندیخان مەتر و نیوەك و دوكان 70 سم زیادیانکردوە

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕایگەیاند، لە هەردو بەنداوی دوكان و دەربەندیخان، زیاتر لە 100 سەد ملیۆن مەتر سێجا داهاتی ئاو خەزن کراوە. لە بەنداوی دەربەندیخان مەترێك و نیوەكك و دوكان 70 سم زیادیانکردوە، ئەوەش دوای ئەو شەپۆلەی بارانبارین کە لە سێ ڕۆژی ڕابردودا ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی گرتوە، لە چەمچەماڵ و لەیلان زیانی گیانی لێکەوتەوە.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێم، ئەمڕۆ چوارشەممە لە ڕاگەیەندراویکدا بڵاویکردەوە، لە هەرێمی کوردستان ە بەنداوەکان دەستیان بە خەزنکرد بەکاریگەری دواین شەپۆلی باران و لافاو لە ماوەی دو ڕۆژی رابردو، هەردو بەنداوی دوكان و دەربەندیخان، زیاتر لە 100 سەد ملیۆن مەتر سێجا داهاتی ئاو خەزن کراوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئاستی ئاو لە بەنداوی دەربەندیخان مەترێك و نیوەك، لە دوكانیش 70 سم زیادیانکردوە، بەنداوە بچوکەکانیش لە سنوری گەرمیان و سلێمانی هەمویان پڕبون لە سنوری هەولێر یەک بەنداو پڕبوە و سەرڕێژی بوە، ئەوانیتریش ئاویان لێ خەزنکراوە، لە سنوری دهۆکیش ئاوی بەنداوەکان

زیادیان کردوە بەڵام بە ڕێژەی کەمتر. هەروەها کاریگەری شەپۆلەکە ڕێژانی داهاتووش بە زیادکردنی ئاوی بەنداوە گەورەکان بەردەوامە.

لایخۆیەوە بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، کەشی ئەمڕۆی ناوچەکەمان بە گشتی ئاسمان هەور و هەندێ کات نیمچە هەور دەبێت و کاریگەری ئەو شەپۆلی بارانبارینەی ڕوی لە ناوچەکە کردبو بەرەو کۆتای دەچێت، هەروەها سبەی ئاسمان نیمچە هەور دەبێت و بەگشتی کەشەکە تا ڕادەیەک جێگیر دەبێتەوە.

لە ڕۆژی دوشەممەوە شەپۆلێکی بارانبارین هەرێمی کوردستانی گرتەوە و لە پاشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممەوە لافاو لە چەند ناوچەیەك دروستبوە و بەهۆیەوە دەیان ئۆتۆمبێل لە چەمچەماڵ ژێرئاوکەوتون و دو کەسیش گیانیان لەدەستداوە و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بون. ئەوە جگەی لە گیان لەدەستدانی منداڵێکی دیکە لە لەیلانی سەر بە پارێزگای کەرکوک.